# کوشتنی کەسێکی بێ تاوان کە خوای گەورە حەرامی کردبێت

[ کردي – کوردی – kurdish ]


زاگرۆس هەمەوەندی

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز



2012 - 1433

IslamHouse.com

# قتل النفس التى حرم الله إلا بالحق

« باللغة الكردية »

زاكروس هموندي

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2012 - 1433

IslamHouse.com

# كوشتنى كەسێكى بێ تاوان كە خواى گەورە حەرامى كردبێت

سوپاس وستايش بۆ خوايى گەورە وميهرەبان، وە درود و صەڵات وسەلام لەسەر محمد المصطفى و ئال وبەيت وهاوەڵ وشوێنەكەوتوانى هەتا هەتايە .

بەرێزان : مەبەست لە كوشتنى ( كەس ) لێرەدا : كەسێكى بێ تاوانە لە موسوڵمانان وەيان (ذمي) يەكان كە غەيرە موسوڵمانن ولە وڵاتى ئيسلاميدا ماونەتەوە وپەنادراون، وەيان ئەوانەى كە هاوپەيمانن لەگەڵ دەوڵەتى ئسلاميدا.

گومانى تێدا نيە كە كوشتنى كەسێك لەمانە كە خواى گەورە حەرامى كردبێت مەگەر بەماف وڕەواى خۆى نەبێت، يەكێكە لە تاوانە گەورەكان وخاوەنەكەى لە دونيا ودوارۆژدا سزاى توندى بۆ ئامادە كراوە وچەندين ئايەت وفەرموودەى پيرۆزى لەبارەوە هاتووە، كە داواكارن لە مرۆڤەكان بە گشتى خۆيان بە دوور بگرن لەوتاوانە لەناوبەرە وخوێنى هيچ كەسێكى بێ تاوان بە ناحەق نەڕژن.

هەروەك خواى گەورە دەفەرموويێت: ﴿ وَلَا تَقْتُلُوا۟ ٱلنَّفْسَ ٱلَّتِى حَرَّمَ ٱللَّهُ إِلَّا بِٱلْحَقِّ ۗ وَمَن قُتِلَ مَظْلُومًا فَقَدْ جَعَلْنَا لِوَلِيِّهِۦ سُلْطَٰنًا فَلَا يُسْرِف فِّى ٱلْقَتْلِ ۖ إِنَّهُۥ كَانَ مَنصُورًا ﴾[ الإسراء : ٣٣ ] واتە : ئەوكەسە خوا خوێنى ياساغ

کردووه، بەهەق نەبێ ئێوە مەیکوژن ، جا ئەر بەهەق بوو ئەوکاتە قەیدی نییە، بۆنموونە: کەسێك لەئیسلام پاشگەز دەبێتەوە، یان بەدەست ئەنقەست کەسێ بەناهەق دەکوژێ، وەیان کەسێکی (موحصەن) و خاوەن خێزان زینا دەکات..لەم سێ حاڵەتەدا کوشتن بۆ دەوڵەت ڕەوایە، وەکو لە فەرموودەی ڕەواندا هاتووە، بە هەقیقەت ئێمە دەسەڵاتمان بەمیراتگرەکەی داوە کە داوا لە قازی بکات بیکوژێتەوە، یان خوێنی لێوەرگرێ بۆی، یان دەتوانێ بیبەخشێ و عەفووی بکات، جائەو (وەلی)یەش نابێ لە کوشتن و تۆڵەسەندنەوەدا هەڵەرۆیی و زیادەڕەوی بکات، واتە: بۆی نیە کوڕو براو ئامۆزای یان کەسێکی تری بکوژەکە بکوژێتەوە لەباتی بکوژ، وە یان جەستەی کوژراوەکە بشێوێنێ و گوێ و لووتی ببڕێت، چونکە بەڕاستی ئەو (وەلی)یە سەرکەوتووەو کۆمەکی پێکراوە لەلایەن خواوە، ئەوەتە مافی (قیصاص) و تۆڵە وەرگرتنەوەی پێداوە.

هەروەها دەفەرموێت: ﴿ وَمَن يَقۡتُلۡ مُؤۡمِنٗا مُّتَعَمِّدٗا فَجَزَآؤُهُۥ جَهَنَّمُ خَٰلِدٗا فِيهَا وَغَضِبَ ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَلَعَنَهُۥ وَأَعَدَّ لَهُۥ عَذَابًا عَظِيمٗا ﴾ [النساء : ٩٣] واتە : هەر کەسێک بەدەستی ئەنقەست ئیمانداریێک بکوژێت (بەحەلالی بزانێت)، ئەوە تۆڵەی ئەو کەسە دۆزەخە بەهەمیشەیی تێدا دەمێنێتەوە، هەروەها خوا لێی توڕە بووە و نەفرینی لێکردووە و سزایەکی گەورە و بێ سنووری بۆ ئامادە کردووە.

تەنها ئەم ئایەتە پیرۆزە بەسە بۆ ئەوەی مرۆڤ بۆ تەنها ساتێکیش بێت بیرو هۆشی نەچێت بەلای کوشتنی کەسدا، لەبەر ئەوەی ئەم دەقە پیرۆزە بەڵێنی سزای توند وخەشم ونەفرەتی خوای گەورەی لە خۆ گرتووە بەشێوەیەك هەرکەس خاوەنی گەردیلەیەك ژیری بێت ناچێت بەدەور وەها کارێکدا وبەبەردەوامی خۆی لێ دووردەخاتەوە.

بەدڵنیاییەوە هەرکەسێك هەستێت بەکوشتنی مرۆڤێکی موسوڵمانی بێ تاوان وەیان پەناداراوێك وەیان هاوپەیمانێك بەبێ ماف ورەوای خۆی نەبێت کە خوای گەورە دیاری کردبێت، ئەوا لەبازنەی ئسلامەتی وباوەڕ ئەچێتە دەرەوە هیچ بیر وباوەڕێکی لانامێنێت، مەگەر هەندێکی کەم نەبێت کە ئەویش نابێتە هۆی ڕێگری کردنی لە سەخت ترین سزا کە ئاگری بەتینی دۆزەخە ومانەوەی هەتاهەتای تیایدا فەرموودەکانی سەرداری مرۆڤایەتی ( درودی خوای لەسەربێت )، شانبەشانی دەقەکانی قورئانی پیرۆز هانماندەدەن بۆ دوورکەوتنەوە لەو تاوانە گەورەیە بەمەبەستی پارێزگاری لەکەرامەتی خوێنی مرۆڤەکان وئازادی سەروەرییەکان.

وەك ئەو فەرموودەیەی کە عبداللە ی کوڕی عومەر ( ڕەزای خوای لێ بێت ) لە پێغەمبەرەوە (درودی خوای لەسەر بێت ) ئەگێڕێتەوە بۆمان کەدەفەرموێت: «لا يزال المؤمن في فسحة من دينه

مالم يصب دما حراما » [رواه البخاري ٦٤٦٩] واته : باوەڕدار لەفوسحە وفراوانی وئاسانی دینەکەیدایە تا ئەو کاتەی کە خوێنێکی بەناهەق دەڕێژێت وکەسێك بەناهەق دەکوژێت .

ئەگێڕنەوە لە عبدالله ی کوڕی عومەر ( ڕەزای خوای لێ بیت ) کە وتوویەتی: لە گرنگترینی ئەو کارانەی کە خاوەنەکەی ئەخەنە نێو گێژاوی تاوانە گەورە لەناوبەرەکانەوە ورزگار بوونی بۆ نیە، ڕشتنی خوێنی بێ تاوان بەبێ ڕەوا ومافی خۆی.

بەڕائی کوڕی عازب لە پێغەمبەری نازدارەوە ( درودی خوای لەسەر بێت ) ئەگێڕێتەوە کە دەفەرمووێت: « لزوال الدنيا أهون على الله من قتل مؤمن بغير حق » [رواه ابن ماجه ٢٦١٩] واته : وێرانکردن ولەناوبردنی دونیا بەلای خواوە ئاسانترە لەکوشتنی باوەڕدارێك بەناهەق .

هەروەها مەسروق لە عبدالله وەئەگێڕێتەوە (ڕەزای خوایان لێ بێت ) کە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت ) دەفەرموێت: « لا يحل دم امرئ مسلم يشهد أن لا إلا الله وأني رسول الله إلا بإحدى ثلاث: النفس بالنفس، والثيب الزاني، والمفارق لدينه التارك للجماعة » [رواه البخاري ٦٤٨٤ ومسلم ١٦٧٦] واته : خوێنی هیچ کەسێکی موسڵمان کە شاهیدی دابێت بەوەی کە هیچ خوایەکی بەهەق

نییە جگە لە (اللە) و شاهیدیش بدات کە من پێغەمبەری خوام حەڵاڵ نییە خوێنی بڕێژرێت لەبەر یەکێك لەم سێ شتە نەبێت : ئەگەر هاتوو کەسێکی بەناهەق کوشتبوو، یان پیاو وئافرەتێکی ژن هێناو وشووکردوو زینایان کردبێت، یان ئەو کەسەی لە ئیسلام پاشگەز دەبێتەوە کۆمەڵی موسڵمانان بەجێ دەهێڵێت .

لە ڕوانگەی ئەم ئایەت وفەرمودە پیرۆزانەوە بۆمان دەرئەکەوێت کە کوشتنی کەسێکی بێ تاوان لای خوای میهرەبان چەند گەورەیە ولەبەرامبەریشدا سزای بەتین وتوندی لە دونیا ودوارۆژدا بۆ ئامادە کردووە، بەشێوەیەك کەبەلای خوای گەورەوە کوشتنی نەفسێکی بێ تاوان وەك کاول کردنی بوونەوەر وکوشتن ولەناوبردنی هەموو مرۆڤایەتی وایە وژیاندنەوە ورزگارکردنی مرۆڤێك لە مردن وەك ژیاندنەوە وزیندو کردنەوەی هەموو مرۆڤایەتی وایە.

هەروەك دەفەرموێت: ﴿أَنَّهُۥ مَن قَتَلَ نَفۡسَۢا بِغَيۡرِ نَفۡسٍ أَوۡ فَسَادٖ فِي ٱلۡأَرۡضِ فَكَأَنَّمَا قَتَلَ ٱلنَّاسَ جَمِيعٗا وَمَنۡ أَحۡيَاهَا فَكَأَنَّمَآ أَحۡيَا ٱلنَّاسَ جَمِيعٗاۚ ﴾ [ االمائدة ٣٢]
واتە : کە هەرکەسێك بەناهەق مرۆڤێك بکوژێت، یان بێ ئەوە کارێکی خراپ و گەندەڵی لەولاتدا کردبێت (وەك ڕێگرتن و شەریکدانان بۆ خوا، وەیان هەر هۆیەکی تر لەو بابەتانە کە دەبێتە هۆی کوشتنەوە) وەکو هەموو خەڵکی سەر زەویی

کوشتبێت' هەر کەسێکیش مرۆڤێکی بێ تاوان لەمەرگ رزگار بکا، وابزانێ کە تەواوی خەڵکی لەمەرگ ڕزگار کردووە و ژیانی پێبەخشیوە. بەڵێ ئەو دووبارەیە هەردووکیان قەدرو ڕێزنانە لەئادەمیی و پاراستنیەتی لەکوشتن .

لەخوای گەورە داواکارین دەست وزمانمان بپارێزێت لەدەست درێژی کردن بۆ سەر خوێن ومالّی باوەڕداران، وە هەرگیز دووچاری تەنگ و چەڵەمەی لەو شێوەیەمان نەکات ( ئامین یارب العالمین) .